هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٦٩) لە ٢٠٢٠/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١) و لە ماددەی (٨) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و پشتبەست بە حوکمی ماددەی (١٨) لە یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەمووارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤) لە ٢٠٢٠/٧/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان).

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران